ئەوەی سوێند بخوات کە ئەگەر سوێندەکەی جێبەجێ نەبێت ئەوا لە سەر ئاینێکە جگە لە ئاینی ئیسلام بە درۆ یان بە ئەنقەستەوە بیڵێت؛ ئەوا خۆی لەسەر ئەو ئاینەیە کە وتوویەتی

لە سابتی کوڕی زەحاکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: بەیعەتمان داوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ژێر دارێکدا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوەی سوێند بخوات کە ئەگەر سوێندەکەی جێبەجێ نەبێت ئەوا لە سەر ئاینێکە جگە لە ئاینی ئیسلام بە درۆ یان بە ئەنقەستەوە بیڵێت؛ ئەوا خۆی لەسەر ئەو ئاینەیە کە وتوویەتی، وئەوەی خۆی بکوژێت بە شتێک ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا بەو شتە ئازار وسزا دەدرێتەوە، ونەزر کردن لە سەر کەسێک جێبەجێ نابێت ئەگەر ئەو شتە لە ژێر مولْکی ئەو نەبێت (خاوەنی نەبێت)»، ولە ڕیوایەتێکدا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لەعنەت ونەفرەت کردن لە ئیماندار وەکو کوشتنی وایە»، ولە ڕیوایەتێکی تردا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی بانگەشەیەکی درۆ بکات، بۆ ئەوەی خۆی پێ هەڵ بنێت وخۆی پێ گەورە وبەرز بکاتەوە، ئەوا خوای گەورە هیچ شتێک بۆ ئەو کەسە زیاد ناکات جگە لە بچووک کردنەوەی نەبێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: ئەوەی سوێندێک بخوات لە سەر شەریعەتێک جگە لە شەریعەتی ئیسلام، وەکو ئەوەی بڵێت: ئەو جولەکەیە یان نەسڕانی، یان مەجوسیە (ئاگرپەرستە)، یان کافرە یان بەریئە لە خودا وپێغەمبەرەکەی ئەگەر ڕووداوێک ببێت یان نەبێت، بە ئەنقەست ودرۆ سوێند بخوات، ئەوا سەر بە ئەو کۆمەڵەیە کە نەفسی خۆی داوە پاڵی لە کۆمەڵە کافرەکان. وئەوەی خۆی بکوژێت بە شتێک وەکو شمشێر وچەقۆ وفیشەک یان هەر کەرەستەیەکی تر ئەوا بەو شتە سزا دەدرێت لە ڕۆژی قیامەتدا. وئەوە نەزر بکات لە سەر شتێک کە لە ژێر مولْکیەتی ئەودا نیە وەکو ئەوەی نەزر بکات لە سەر ئازاد کردنی فلّان بەندە، یان خێرکردن بە ئەوەندە پارە، ئەوا نەزرەکەی هەڵدەوەشێتەوە وگرێنادرێت. وئەوەی نەفرەت ولەعنەت لە ئیماندارێک بکات وەکو کوشتنی وایە، چونکە نەفرەتکەر وبکوژ هاوبەشن لە ئەنجامدانی حەرامکراوەکان وتاوانبار بوون وشایستەی سزان. وئەوەی خۆی گەورە بکات بەو بانگەشە درۆیانەی کە لە ئەودا نین، لە ماڵ وپارە وزانست وڕەچەڵەک وشەرەفمەندی وپلە وپۆست وجگە لەمانە، بۆ سنوور بەزاندن بە سەر بەندەکانی خودا، ئەوا خوای گەورە زیاتر زەلیل وبچووکی دەکاتەوە چونکە ئەو ویستی خۆی گەورە بکاتەوە بە شتێک کە لە ئەودا نییە، بۆیە سزاکەی پێچەوانەی ڕەگەزی مەبەستەکەیەتی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2995